Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01- 22

# کاریگەریی ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

شێرکۆ قاسم ڕەحیم، کریم احمد عزیز، لقمان عبدالله محمد

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان -کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی گەرمیان - هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August, 2025 |

**Keywords**

( کاریگەری ، ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان ، دەستکەوتی خوێندن ، گەشەپێدانی ئارەزوو )

**Corresponding Author**

Karem.ahmad@garmian.edo.krd
Luqman.abdullah@garmian.edo.krd

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ( کاریگەریی ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان )

توێژەر پشتی بەدیزاینی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆلکراو بەستووە بۆ دوو گروپی هاوسەنگ ، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی قەزای کەلار بۆ ساڵی خوێندنی ( 2024 – 2025 ) کە کۆی گشتی ژمارەیان دەگاتە ( 3359 ) خوێندکار ، بەوەرگرتنی نموونەی ( 36 ) خوێندکاری پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ( ئاران ) ی بنەڕەتی ، دابەشکراون بۆ دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو بە جۆرێك ( 18 ) خوێندکار بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و ( 18 ) خوێندکار بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو ، ، پاشان هەردوو گروپەکە هاوتا کرا بە بەهەند وەرگرتنی چەند گۆڕاوێک ، دواتر توێژەرتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن و پێوەری ئارەزووی ئامادەکرد و ڕاستێتی تاقیکردنەوە و هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکەرەوە و کارایی جێگرەوە هەڵەکان بەهاوکێشەی تایبەت دەرهێنران ، پاشان جێگیری بۆ تاقیکردنەوەکە دەرهێنرا بە هاوکۆلکەی سپێرمان کە بریتی بوو لە ( 0،86 )، پاشان بە هاوکێشەی (جتمان) هاوتاکرا و بەهاکەی بوو بە ( ٠,٩١) ،هەروەها هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بەکارهێنرا بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئارەزوو کە بەهای بریتی بوو لە ( 0،83 ).

لەدوای جێبەجێکردنی ئەزموونەکە دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان نمرەکانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆلکراودا لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن و گەشەکردنی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی ، بەم ئەنجامەش سەرکەوتوویی و کاریگەری ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان دەرکەوت لەسەر هەردوو گۆڕاوی پاشکۆ. لەکۆتاییدا کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردە خرایەڕوو بۆ پاڵپشتیکردن لە توێژینەوەکانی داهاتوو .

## ناساندنی توێژینەوە Research Definition

### 1-1 کێشەی توێژینەوە Problem of Research

لەبەر ئەوەی سێکتەری پەروەردە بەردەوام ڕووبەڕووی گرفت و کێشە دەبێتەوە ، بۆیە واپێویست دەکات دامەزراوە پەروەردەییەکان سوودمەند بن لەڕەوتە پەروەردەییە جیهانیەکان لەبواری وانەوتنەوەدا لەونێوەندەدا پێویستە مامۆستایان ستراتیجی نوێ وانەوتنەوە بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی خوێندکاران زیاتر ئەرێنی بن لەپرۆسەی خوێندندا و بتوانن بە ئامانجە خوازراوەکان بگەن و پەرە بەتواناکانیان لەڕووی دەستکەوتی خوێندن و ئارەزوویان بدن .

زۆربەی توێژینەوەکانی بواری وانەوتنەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەو ستراتیجیانەی لەئێستادا بەکاردەهێنرێن وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن بەرەو پێشچوونەکانی بواری وانەوتنەوە نین .

دابەزینی ئاستی تێگەیشتنی قوتابی لەبابەتەکانی خوێندن و دەستکەوتنیان و ، نەبوونی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ، بە یەکێك لەگیروگرفتە باوەکان دادەنرێت لەقۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهاتنی مامۆستایان لەسەر شێواز و ستراتیجییەکانی وانەوتنەوەی کۆن یاخود پەیڕەونەکردنی ئەو ستراتیج و ڕێگایانەی کە قوتابی دەکەنە تەوەری سەرەکی لەپرۆسەی فێربوون. توێژەر دوای بینینی چەندین توێژینەوە بۆی دەرکەوت چەندین گرفت و کێشە هەیە لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەتایبەت لەڕووی دەستکەوت و ئارەزووی خوێندکار بۆ بابەتی خوێندن ، نموونەی ئەو توێژینەوانەی ئاماژەیان بەم کێشەیەکردووە **( فتح الله ، 2022: 3 )** ئاماژە بەدابەزینی ئاستی زانستی دەکات لای خوێندکاران لەبابەتی مێژوو،هەروەها توێژینەوەی **( قازی ، 2023 : 4)** گیروگرفت لەوتنەوەی بابەتی مێژوو ، هۆکارێکە بۆ دابەزینی ئاستی زانستی خوێندکاران و تێگەیشتنیان لەبابەتەکان ، توێژینەوەی **( مستەفا ، 2023 : 32)** 93% مامۆستایان زانیاریان نیە لەسەر ستراتیجە نوێیەکانی فێربوونی کارا و 100% مامۆستایات جەخت لەوە دەکەنەوە کە گرفت هەیە لەئاستی دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکاران ، توێژینەوەی **( محەمەد ، 2015 : 43)** جەخت لەوە دەکاتەوە وتنەوەی بابەتەکان لەئاستی پێویست نیە و ئارەزووی خوێندکارانیش بۆ خوێندن و فێربوون بەشداربوونی کارایانە لەهەڵویست چالاکی جۆراوجۆردا لەئاستی خوازراودا نیە ، توێژینەوەی **( الاسدی ، 2018 : 2 )** فێرکردن لەوڵاتی عێراق ڕووبەڕووی چەندین کێشە بۆتەوە ، یەکێك لەو کێشانە لاوازی دەستکەوتی خوێندنە ، توێژینەوەی **(حسن ، 2013: 17 )** لاوازی دەستکەوت و ئارەزوو بۆ بابەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگاکانی وانەووتنەوە ،

یەکێك لە فاکتەرەکانی گەڵاڵەبوونی کێشەی توێژینەوە ، توێژەر وەك مامۆستایەك کە بۆماوەی بیست ساڵە وانەدەڵێتەوە لەقوتابخانە بنەڕەتیەکاندا ئەوەی بۆ ڕوون بویەوە کە مامۆستایان ڕێگای کلاسیکی وانەوتنەوە بەکاردەهێنن و گرنگی بە ئارەزووی خوێندکار نادەن ، هەروەها توێژەر ڕاپرسییەکی لەسەر بەشێکی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی لەقوتابخانەکانی شاری کەلار ئەنجامدا دەرکەوت 87 % مامۆستایان زانیارییان نیە لەسەر ستراتیجی ( شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان ) ، 63 % مامۆستایان پێیان وایە گرفت هەیە لەدەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی ، 97 % مامۆستایان پێیان وایە ستراتیجە نوێیەکانی وانەوتنەوە کاریگەرییان هەیە لەزیادبوونی دەستکەوت و ئارەزووی خوێندکاران بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان .

توێژەر لەڕوانگەی هەستکردن بەبوونی ئەم کێشانە لەوانەوتنەوەی مامۆستایان و نەبوونی ئارەزوو لای خوێندکاران بۆ بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، هەوڵدەدات ستراتیجییەك بەکاربهێنێت کە خوێندکار تیایدا تەوەری فێرکردن و فێربوون بێت وبە چالاکی هەستێت ، هەروەها ببێتە هۆی حەز وئارەزووی بۆ بابەتی خوێندن ، هەر بۆیە کێشەی توێژینەوەکەی بەم شێوەیە خستەڕوو :

" ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان کاریگەری دەبێت لەسەر زیادکردنی دەستکەوتی خوێندن و گەشەکردنی ئارەزوو لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ؟ " .

### ٢-١ گرنگی توێژینەوە Importance of Research

پەروەردە ڕەگەزێکی گرنگە بۆ هێنانەدی گۆڕانکارییە خوازراوەکان لەئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا **( صالح ، 2024 : 2 )** پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و دواتر پێداویستییە مادییەکانی سەدەی بیست ویەك پێویستیان بە توانای مرۆیی ئاست بەرز هەیە کە توانای گەشەپێدان و داهێنانی هەبێت ، لێرەوە پێدەچێت پێویستییەکی هەنوکەییمان هەبێت بۆ پەروەردەکردن وپێگەیاندنی نەوەیەکی جیاواز لەپێشتریان لەڕووی مەعریفی و گەشەپێدانی ئارەزوویان بۆ بابەتەکانی خوێندن **(عبدالفتاح ، 2008 :2)** .

ڕەنگە دوو دیاردەی گرنگ کەسەدەی بیست و یەکیان جیاکردەوە لەهەموو ئەو سەدانەی کەمرۆڤایەتی بەسەریدا هاتووە ، دیاردەی فراوانبوونی قەبارەی مەعریفی و دانیشتوان بێت ، کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەئاڕاستەکردنی زۆرێك لەکۆمەڵگەکان بۆ هێنانەدی چەندین گۆڕانکاری ڕیشەیی لەشێوازە مۆدێرنەکانی فێرکردندا بەڕێکوپێکی بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێت لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانی **( صابر ، 2019 : 5 )** .

پەروەرشیاران درکیان بەگرنگی ستراتیجییەکانی وانەوتنەوە بەرەو کاری گروپ و هاوکاریکردنی خوێندکار کردووە ، هەروەها خوێندکاران هاندەدرێن کە کارلێك بکەن و بەشداری وانەکان بکەن بەشێوەیەکی کارا ، کە ژیانی هاوچەرخ پێویستی پێیەتی و ئەم ئاڕاستەیە جێگەی فێربوونی کلاسیکی گرتەوە **( عمدة ، 1429 : 18 )** .

ستراتیجی شەشپاڵوو ، یەکێکە لە ستراتیجییە مۆدێرنەکانی فێرکردن کە کەشێکی خۆش لە پۆلدا دروست دەکات و یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان بەسەیرکردنی بابەتەکە لە چەند لایەکەوە کە بریتین لە ( وەسفکردن ، پەیوەندیکردن ، پێناسکردن ، بەراوردکردن ، شیکردنەوە ، جێبەجێکردن ) ، زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە بیری خوێندکاران دەمێنێتەوە پاشان وەبیرهێنانەوەی ئەو ئەزموونەی ڕابردوو کە تاکە کەس پێیدا تێپەڕیوە ، هەروەها یارمەتی خوێنکاران دەدات لە چەسپاندنی چەمک و زاراوەکان . **( الشمری ، ٢٠١٩ : ٨ – ٩ )**

ئەم ستراتیجییە پەیوەستە بە ڕێکخستنی مەعریفی ناوەڕۆکی بابەتەکە ، بەو پێیەی میتۆدێکی بیناوە کە یارمەتی فێرخواز دەدات زانیارییە ئاڵۆزەکان لەسەر یەک دیاردەی زانستی ڕێکبخات بەسەیرکردنی بابەتەکە لەشەش لاوە کە ڕوخساری شەشپاڵۆکەیە ، کارکردن بە گروپ یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی ئاستی بیرکردنەوە و هەستکردن بە متمانە بەخۆبوون لە دەربڕینی دیدگاکانی خۆیان و دەرچەیەکە بۆ وزەی زیادەی خوێندکارەکە کە سوود بەخشە بۆ گروپەکەی ، هەروەها یارمەتی پەروەردەکردنی دروستی خوێندکار دەدات و ڕەفتارێکی باش مسۆگەر دەکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی گروپەکە ، خوێندکار ڕەفتاری شارستانی دروست بەدەست دەهێنێت و بوونی خۆی پشتڕاست دەکاتەوە و کەسایەتی خۆی دەسەلمێنیت و مەیل و ئارەزووەکانی تێر دەکات . **( مكطوف ، ٢٠٢٤ : ١١١١ )**

**لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە گەڵاڵە دەبێت:**

1- گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە ، سەرباری ئەوەی نوێیە ،پێویستیەکی گرنگە بۆ کتێبخانەی کوردی .

2- دەکرێت توێژینەوەکە دەروازەیەك بێت بۆ ئاوردانەوەی زیاتر لەم بوارە و ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە ، هەروەها بەوێنەی سەرچاوەیەکیش سوود لەستراتیجیەکەی بۆ قۆناغ و بابەتی دیکەش وەربگرێت .

3- گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە ، کە پێویستە دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان لەوەزارەتی پەروەردە سوود لە ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان وەربگرن بۆ بەکارهێنانی لەڕاهێنانی مامۆستایان .

4- ئەم توێژینەوەیە یارمەتی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان دەدات بۆ جێبەجێکردن و بەکارهێنانی ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان بەمەبەستی پەرەپێدانی دەستکەوت و ئارەزووی خویندکاران .

5- سوود وەرگرتن لەتوێژینەوەکە بۆ کۆلێژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەت بۆ دیاریکردنی ئەو لایەنەی کەدەبێت گرنگی پێبدرێت لەڕووی ئامادەکردنی فێرخوازان بۆ پیشەی مامۆستایەتی **(ڕۆستم ، 2016 : 9) .**

## 3-1 ئامانجی توێژینەوە Objectives of Research

1- زانینی کاریگەری ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان .

2- زانینی کاریگەری ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان لەوانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی وگەشەپێدانی ئارەزوویان بەرەو بابەتی خوێندن .

## 4-1 گریمانەی توێژینەوە Hypotheses of Research

1- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0,05) لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کەبابەت بە ستراتیجی ( شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان ) وانەیان پێدەوەترێتەوە و لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوەترێتەوە لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن .

2- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0,05) لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کەبابەت بە ستراتیجی (شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان) وانەیان پێدەوەترێتەوە و لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوەترێتەوە لەتاقیکردنەوەی پاشی (ئارەزوویان) بەرەو بابەتی خوێندن .

## 5-1 سنوری توێژینەوە Scoper of Research

1- سنوری مرۆیی : خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری کەلار ، ئەوانەی بەرۆژ دەوام دەکەن .

2- سنوری کات : وەرزی یەکەم ساڵی خوێندنی ( 2024 – 2025 ) .

3- سنوری شوێن : قوتابخانەی ( ئاران ) ی بنەڕەتی لەناوەندی شاری کەلار لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار .

4- سنوری بابەت : بابەتەکانی بەشی مێژوو لە پەرتووکی ( بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ) چاپی شانزەهەم بۆ ساڵی (2022) ز کەلە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەرچووە بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی .

## 1-6 پێناسەی زاراوەکان Definition of the Terms

### 1-6-1 کاریگەری :

– ( سەعید ، 2016 : 11 ) پێناسەی دەکات : ( مەودای تواناکانە لە بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامەی کەبە ئامانجکراوە و چاوەڕوان دەکرێت .

– ( الشویش ، 2012 : 14 ) پێناسەی دەکات : بەجۆرێك کاریگەریی لەسەر گۆڕاوەکە هەبووە ، شوێنەواری لەسەر جێهێشتوە) .

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : ئەو برە گۆڕانکارییەیە کە لە گۆڕاوی پاشکۆدا ڕوودەدات ، دوای ئەوەی بەر کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ دەکەوێت.

### 1- 6- 2 ستراتیژییەت :

- ( ئاغا ، 2016 : 6 ) پێناسەی دەکات : ( بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێکاروتەکنیك بۆ لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی بابەتێك لەلایەن مامۆستاوە) .
- ( المطوق ،2013 : 9 ) پێناسەی دەکات : (کۆمەڵێك هەنگاو و ڕێکارە کە مامۆستا بەبەکارهێنانی هەموو توانا و ئامرازەکانی بەردەستی دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بەئامانجە دیاریکراوەکانی وانەکەی) .
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : کۆمەڵێك ڕێکاری تایبەتە کە مامۆستا لەسەر خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکەی ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون خێراتر و ئاسانتر و بەچێژتربکات .

### 1- 6- 3 شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان :

- ( علوان ، 2020 : 5) پێناسەی دەکات : مۆدێلێکی فێرکارییە کاردەکات بۆ ئاڕاستەکردنی فێرخواز بۆ ئەوەی لەشەش لایەنی جیاوازەوە سەیری بابەتەکە بکەن کەبەشێوەی پرسیار لە هەرشەش ڕووی شەشپاڵووەکە نووسراون بەشێوەی وشەی پرس .
- ( ابو الحاج ، 2016 : 134 ) پێناسەی دەکات : ستراتیجییەکی چێژبەخشە کەلەسندوقێك دەچێت و بەکاردێت ، کاتێك دەمانەوێت هەڵبژاردن بۆ خوێندکاران بکەین ، پێویستە فێرخوازان لەچەند گۆشەیەکەوە تەماشای بابەتە بکەن .
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : ستراتیجێکی وانەوتنەوەیە کەبە یەکێك لەستراتیجەکانی فێربوونی کارا هەژماردەکرێت ، کە ئارەزوو بۆ خوێندکار درووستدەکات بەرەو بابەتی خوێندن . ئەم ستراتیجە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك ڕێکار دامەزراوە ، بەدوو شێواز جێبەجێدەکرێت ، یەکەمیان ستراتیجی شەشپاڵوە و دووەمیان ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکانە ، بەڵام توێژەر لەم نامەیەدا هەردوو شێوازەکەی بەیەکەوە جێبەجێ کردووە .

### 1- 6- 4 دەستکەوتی خوێندن :

- (بدیر ، 2023 : 402) پێناسەی دەکات : " ئاماژەیە بەهەموو ئەو زانیاریانەی یان ئەو دەستکەوتانەی کەخوێندکار بەدەستیدەهێنێت لەبوارێکی دیاریکراو بەتایبەت لەبواری خوێندن .
- (العبیدی . 2005 : 15 – 16 ) پێناسەی دەکات : ڕادەی وەرگرتنی خوێندکارە لەو ئەزموونە دیاریکراوەی کە لە بابەتێکدا فێربووە ، بەو نمرانەی کە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا بەدەستی دەهێنێت دەپێورێت ، ئەو زانیارییە یان لێهاتووییە کە خوێندکاران بەدەستی دەهێنن لەئەنجامی خوێندنی بابەتێکی دیاریکراو یان یەکەیەکی پەروەردەیی .
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : ئەو زانیاریانەی کە خوێندکاری پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەماوەی ئەزموونی توێژینەوە خوێندوویانە لەبابەتەکانی مێژووی بڕیارلێدراوی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان ، بەو نمرەیەش پێوانەدەکرێت کەلەو تاقیکردنەوەیە وەریدەگرێ کەبۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە.

### 1- 6- 5 ئارەزوو :

- ( محەمەد ، 2015 : 27 – 28) پێناسەی دەکات :"هەستی تاکە بۆ ئارەزووکردن بۆ کەسانێك یان شتێك لە ڕێگەی بیرلێکردنەوەی یان بیرکەوتنەوەی یان دەرکردن بەو شتەی ئارەزووی دەکات .
- "( علی ، 2011 : 39) پێناسەی دەکات :" بارێکی سۆزدارییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکێك گرنگی بەبابەتێکی دیاریکراو بدات یان بەشداری لە چالاکییە دەروونییەکان و کردارییەکاندا بکات کەپەیوەندیان بەووەوە هەیە لە پراکتیزەکردنی ئەم چالاکییانەدا هەست بەئاسوودەیی دەکات واتە خواستێکە پەیوەندی بەووەوە هەیە کە ئێمە ئارەزوومان لێیەتی یان نا
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : حاڵەتێکە کەتاك هەست دەکات خۆی بەدەست دەهێنێت یان خۆی دەدۆزێتەوە بە ئەنجامدانی کردارێکی دیاریکراو . یان کاتێك تاك چالاکییەکی دیاریکراو ئەنجامدەدات بەویستی خۆی ، هەست بە ئاسوودەیی دەکات .

### 1- 6- 6 بابەتە کۆمەڵایەتییەکان :

- ( خضر ، 2014 : 19 ) زاراوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆگرامانەی کەلە قوتابخانەکاندا بەکاردەهێنرێت لەقۆناغی سەرەتایی و ناوەندیدا دەوترێتەوە کە پەیوەندییان بەلێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و پەیوەندییە مرۆییەکان و ئامرازەکانی دروستکردنی ئەم پەیوەندییانە بەباشترین شێوە هەیە.
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی خوێندن کەلە قوتابخانە دەخوێندرێن لەقۆناغی بنەڕەتی کە پێکهاتووە لە جوگرافیا و مێژوو و پەروەردەی مەدەنی و بەهاکان کە هەموویان بەسروشتی خۆیان باس لە کۆمەڵگا دەکەن ، گرنگییان لەڕێگەی فێربوون لەڕابردوو و لێکۆڵینەوە لەئێستا و پێشبینیکردنی داهاتوو و بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و لێکۆڵینەوە لەکارلێکە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و کارکردن بۆ چاندنی بەهای نیشتمانی .

### 1- 6- 7 پۆلی هەشتەم :

- (ابوعاذرة ، 2010 : 13 ) یەکێکە لەپۆلەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی کە ئەم قۆناغە لە پۆلی حەوتەمەوە دەست پێدەکات تا وەکو پۆلی نۆیەم ، تەمەنی ئەم قۆناغە لەنێوان ( 13 تا 15 ) ساڵیە
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : قۆناغێکە لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی بازنەی سێیەم ، ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان قۆناغی سەرەتایی و قۆناغی ئامادەیی ، تەمەنی قوتابی لەم قۆناغەدا لەنێوان ( 13 – 15 ) ساڵیدایە ، یەکێك لە گرنگترین ئەو بابەتانەی لەم قۆناغەدا دەخوێندرێت بریتییە لە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان .

## چوارچیوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو Theoretical Background Previous Studies

### 1-2 چوارچیوەی تیۆری Theoretical Background

### 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو Previous Studies

### ٢-١-١چەمکی شەشپاڵوە ڕەنگاو ڕەنگەکان The coloured -cube concept

ستراتیجی شەشپاڵوو دەگەڕێتەوە بۆ ( لسبر کانج ) کە مامۆستایەك بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیکرد بەجێبەجێکردنی تیۆری فێربوونی هاوکاری و پراکتیزەکردنی پلان و پێکهاتەکانی لەقوتابخانەکەیدا بۆ پەرەپێدانی پەروەردە و دوورکەوتنەوە لەو مەنهەجە کۆنانەی کە زۆر جار پەیرەو دەکرێن( **الشمری ، 2019 ، 33 ).**

یان جۆرێکە لە ستراتیجی وانەتنەوە کەلەسەر بنەمای ڕێکخستنی زانیاری ، واتا خوێندکار بە شێوەیەکی سەربەخۆ مانا بنیات دەنێت و لەسەر خۆی دەگاتە زانیاری ،ئەم ستراتیجیە لەساڵی ( 1980 ) لەلایەن ( Cowan - Cowen ) وە پەرەی پێدراوە **( علوان ، 2019 : 327 )**

### ٢-١-٢ ئامانجی شەشپاڵوە ڕەنگاو ڕەنگەکان The coloured -cube targets

بەکارهێنانی ئەم ستراتیجییە لەوانەوتنەوە کۆمەڵێك ئامانجی هەیە :

1- پەرە دەدات بە چەندین جۆری زیرەکی ، لەوانە زیرەکی لۆژیکی – بیرکاری ، زیرەکی زمانەوانی ، زیرەکی بینراو ، زیرەکی کۆمەڵایەتی .
2- سەیرکردنی دیاردەی زانستی یان چەمکی زانستی لە شەش لای جیاوازەوە ، ئەمەش تێگەیشتنی قوڵتریان پێدەبەخشێت لە بابەتەکە .
3- هانی خوێندکاران بۆ ئەوەی زیاتر نەرم و نیان بن لەبیرکردنەوەیاندا چونکە بابەت یان دیاردەی تێگەیشتوو لەچەندین لایەنەوە دەبینین .
4- پێدانی دەرفەت بە مامۆستا بۆ ئەوەی لەچەندین لایەنەوە پرسیار لە خوێندکارانی بکات دەربارەی بابەتەکە .
5- پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی خوێندکاران **( الجنابی ، 2018 : 21 – 22 )** .

### 3-1-2 پێکهاتەی ستراتیجی شەشپاڵوو The structure of cube strategies

1- وەسف : خوێندکاران لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی بابەتێك یان دیاردەیەك دەکەن .
2- بەراوردکردن : خوێندکاران لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان دوو بابەت یان دوو دیاردە دیاری دەکەن .
3- پەیوەندی کردن : خوێندکاران بەدوای ئەو شتانە دەگەڕێن کەپەیوەندییان بەیەکەوە هەیە ، ئەمەش وادەکات خوێندکاران بیر لە بابەتەکە بکەنەوە .
4- شیکردنەوە : خوێندکاران لێکۆڵینەوە لەپێکهاتەکانی بابەتێك یان دیاردەیەك دەکەن واتا ئەو بابەتە لە چ پێکهاتووە .
5- گۆڕانکاریکردن یان بەکارهێنان : خوێندکاران دەگەڕێن بەدوای سوودەکانی بابەتێك یان دیاردەیەك یان بابەتەکە و دیاردەکە بەشێوەیەکی کرداری ئەنجامدەدات .
6- گفتوگۆکردن : خوێندکاران هەوڵ دەدەن گرنگی بابەت یان دیاردەکە ببەستنەوە بە ژیانی ڕۆژانە **( شنبار ، 2011 : 39 ).**

### 4-1-2 هەنگاوەکانی شەشپاڵوە ڕەنگاو ڕەنگەکان The coloured – cube steps

1- توێژەر هەڵدەسێت بەڕێکخستنی شیوەی دانیشتنی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی ، پێش دەستپێکردنی وانەکە ، پۆلەکە دابەشدەکات بۆ چوار گروپ کە هەر گروپێك لەنێوان ( 4 – 6 ) خوێندکار زیاتر نەبێت بە ڕەچاوکردنی ئاستی زانستی و جیاوازی تاکایەتی خوێندکاران .
2- پاشان ناو بۆ هەر گروپێك دادەنیت بەپێی قۆناغی خوێندن وەك ( کۆبانی)  ( لورستان )  ( شارەزوور ) ( ئامەد ) .
3- شەشپاڵووە ڕەنگارەنگە (گەورە) کەهەر لایەکی ڕەنگێکە ( شین – سوور – سەوز – زەرد – پەمەیی – سپی) و ئەم شێوازە پرسیارانەی لەسەرە ( وەسفکردن – بەراوردکردن – پەیوەندیکردن (بەستنەوە) – شیکردنەوە – بەکارهێنان – ناسینەوە ) مامۆستا ئامادەی دەکات **( سمیر ، بدون سنه : 37 )** .
4- هەر گروپێك بەپێی ژمارەیان ، شەشپاڵووی ڕەنگارەنگ (بچووك) دادەنرێت ، هەریەکە و بەڕەنگی.
5- سەلەیەکی بەتاڵ لەناوەڕاستی پۆل دادەنرێت .
6- ڕێنمایی خوێندکاران دەکرێت لەسەر چۆنێتی جێبەجیکردنی هەنگاوەکانی ستراتیجێکە .

7- هەر جارەو گروپێك شەشپاڵووە (گەورە) کە فرێدەدەن ، کام دیوی شەشپاڵووەکە دەرکەوت ، مامۆستا ئەو پرسیارە ئاراستەی گروپەکە دەکات .

8- هەر جارەو خوێندکارێك وەڵامی دیویکی شەشپاڵووە ڕەنگاڕەنگە دەداتەوە ، ئەگەر وەڵامەکە ڕاست بوو ئەوە شەشپاڵوویەك لەیەکێك لەگروپەکانیتر دەبات و دەیخاتە ناو سەلەیەك لەناوەڕاستی پۆل و ئەگەر وەڵامەکە هەڵە بوو خوێندکارەکە دەگەڕێتەوە ناو گروپەکەی بەبێ ئەوەی شەشپاڵوویەك لەهیچ کام لەگروپەکان ببات .

9- دوای تەواو بوونی پرسیارەکان ، ئەو گروپەی توانی پارێزگاری لە زۆرترین ژمارەی شەشپاڵوو بکات ئەوە سەردەکەوێت ( **الشمری ، 2019 : 106** ) .

## 2-1-5 گەشەپێدانی ئارەزوو interest development

## 2-1-5-1 دەروازە :

ئارەزوو لەبنەڕەتدا ئاراستەیەکی دەروونییە ، بەڵام بەچڕکردنەوەی سەرنج و سەرنجدان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو تایبەتمەندە و بەو پێیەش لەگەڵ فرەچەشنی بابەتەکاندا دەگۆڕێت . یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی فێرکردن بریتییە لە بەدەستهێنانی ئارەزووە بەرەو بابەتەکان ئەمەش یارمەتی خوێندکار دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست و لێهاتوویی و بیرکردنەوە ، سەرەڕای گرنگی ئارەزووی زانستی مامۆستایان لە چالاکییەکانی پۆلدا بایەخی زۆری پێنادەن ئەمەش وادەکات ئامانجەکان بەپێی پێویست بەدی نەیەت ( **عبدالغفور ، 2012 : 38** ) .


## 2-1-5-2 گرنگی زانینی ئارەزووی خوێندکاران دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك :




( **الحريري ، 2010 : 202** )

**شێوەی ژمارە ( 1 )**

## 2-1-5-3 پێکهاتەی ئارەزووەکان




**هێلکاری ژمارە ( 1 )**

**هەروەها ئارەزووەکان بۆ دوو جۆر دابەشدەبن :**

ئارەزووی مەعریفی / کەلەئەنجامی لایەنی مەعریفی کەسایەتییەوە دێتە ئاراوە کە عەقڵە و بەم پێیەش ناوەکییە.

ئارەزووی سۆزداری / کەلەئەنجامی پەیوەندیکردن بەکارێکی دەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت **( عرار ، 2019 : 45 – 46 )** .

## ٢-١-٥-٤ ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر ئارەزووەکان هەیە :

1- کاریگەری جینات لەسەر ئارەزووەکان : یەکەم هۆکاری بنەڕەتی کەکاریگەری لەسەر ئارەزووەکان هەیە .
2- کاریگەری تەمەن لەسەر ئارەزووەکان : بۆمان دەردەکەوێت کە ئارەزووی گەنج جیاوازە لە ئارەزووی منداڵ و ئارەزووی بەتەمەنەکان ، هەتاوەکو تەمەنی مرۆڤ زیاتر بێت ئەوە ئارەزوویش پێگەیشتووتر دەبێت .
3- کاریگەرییەکانی زیرەکی لەسەر ئارەزووەکان : یەکێك لەو هۆکارانەی کەکاریگەری لەسەر ئارەزووەکان هەیە و بنەمایەکی بۆماوەیی بەهێزی هەیە ، زیرەکییە تا تاکەکان زیرەکترین ، زیاتر ئارەزووەکانیان هەمەچەشن دەبن و بەهێزتر و پێگەیشتوو تر دەبن .
4- کاریگەری هۆکارە ژینگەییەکان لەسەر ئارەزووەکان : ئارەزووەکان کاریگەری هۆکارە ژینگەییە دەرەکییەکانی لەسەرە ، کەبریتین لە دایك و باوك و دۆخی ئابوری و ئاستی کلتوری و هۆکارە ژینگەییەکانی دیکە **( بادی ، 2012 : 40 ).**

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو Previous Studies

### خشتەی ژمارە (1)

## 2-2-1 ئەو توێژینەوانەی کەباس لە کاریگەری ستراتیجی شەشپاڵووەکان دەکەن لەسەر دەستکەوتی خوێندن :

| ز | ناوی توێژەر و وڵات و ساڵی ئەنجامدان | ئامانجی توێژینەوە | کۆمەڵگە و قەبارەی نموونە | میتۆدی توێژینەوە | ئامرازەکانی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | رجا ، 2023 ، العراق ( تکریت ) | زانینی کارایی ستراتیجی شەشپاڵوو لەسەر دەستکەوت لای خوێندکارانی پۆلی چوارەمی زانستی لەبابەتی بیرکاری | خوێندکارانی پۆلی چوارەمی زانستی لە قەزای تکریت ، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (51) خوێندکار بۆ هەردوو گروپ . | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | t.test- - الفاکرونباخ - سبیرمان براون - هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان | لەئەنجامدا دەرکەوتووە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە دەستکەوت لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لەبەرژەوەندیی گروپی ئەزموونی |
| 2 | نوری ، 2024 ، العراق ( موصل ) | زانینی کاریگەریی تێکەڵکردنی مۆدێلی رۆتکوف و شەشپاڵوو لە وانەوتنەوەی بیرکاری لەسەر دەستکەوت لای خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە قەزای تەلعەفەر | خوێندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە قەزای تەلعەفەر ، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (80) خوێندکار بۆ هەردوو گروپ . | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | t.test- - هاوکۆلکەی کودر ریتشاردسون - هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکاری - هاوکۆلکەی ئیتا | لەئەنجامدا دەرکەوتووە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە دەستکەوت لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لەبەرژەوەندیی گروپی ئەزموونی |

## 2-2-2 ئەو توێژینەوانەی کەباس لە ئارەزوو بۆ بابەتی خوێندن دەکەن :

| ز | ناوی توێژەر و وڵات و ساڵی ئەنجامدان | ئامانجی توێژینەوە | کۆمەڵگە و قەبارەی نموونە | میتۆدی توێژینەوە | ئامرازەکانی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | حسن ، 2013 ، العراق (دیالی) | زانینی کارایی ستراتیجی وێستگە زانستییەکان لە چارەسەرکردنی گرفتە بیرکارییەکان و ئارەزوویان بەرەو بابەتەکە لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی | خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەپارێزگای دیالی ، نموونەی توێژینەوەکە (56) خوێندکارە لە هەر دوو گروپ . | ئەزموونی | پێوەری ئارەزوو بەرەو بابەتی بیرکاری تاقیکردنەوەی چارەسەرکردنی گرفتە بیرکارییەکان | - t.test<br>- هاوکۆلکەی جوتمان<br>- هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان | لەئەنجامدا دەرکەوتووە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە تاقیکردنەوەی چارەسەرکردنی گرفتە بیرکارییەکان و ئارەزوویان بەرەو بابەتی بیرکاری لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لەبەرژەوەندیی گروپی ئەزموونی |
| 2 | محەمەد (2015) هەولێر | زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك لەسەر دەستکەوتی قوتابیان و گەشەکردنی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزووی قوتابیان بۆ خوێندن و فێربوونی بابەتی ئەدەب . | خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی (ڕەگەزی مێ ) لەناوەندی شاری هەولێر ، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (56) خوێندکار بۆ هەردوو گروپ . | ئەزموونی | پێوەری باوەڕبەخۆبوون – پێوەری ئارەزوو – ت.دەستکەوت | t.test-<br>- کای دووجا<br>- هاوکێشەی جی کۆپەر<br>- هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ<br>- هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان<br>- هاوڵکەی کیودر ریتشاردسون | لەئەنجامدا دەرکەوتووە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە دەستکەوتی خوێندن و گەشەکردنی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزوو بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لەبەرژەوەندیی گروپی ئەزموونگەری |

## ڕێکارییەکانی توێژینەوە Procedures of the Research

### 1-3 میتودی توێژینەوە Research Methodology


لەم توێژینەوەدا توێژەر میتۆدی ئەزموونگەریی بەکارهێناوە کەمەبەست لێی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی سەربەخۆیە کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ هەیە **( عرام ، 2012 : 109 )** .

### 2-3 دیزایینی توێژینەوە Research Design

توێژەر پشت دەبەستێت بە دیزاینی نیمچە ئەزموونی بۆ دوو گروپی هاوسەنگ " گروپی ئەزموونی بەپێی ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان وانەیان پێدەوترێتەوە " گروپی کۆنترۆڵکراو بەڕێگای ئاسایی هەمان بابەتیان پێدەوترێتەوە ، بەدوو تاقیکردنەوە پێشی و پاشی بۆ گۆڕاوی پاشکۆ ( ئارەزوویان بەرەو بابەتی کۆمەڵایەتییەکان ) و تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی (دەستکەوتی خوێندن ) ، ئەم میتۆدە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ بزانێت بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی پێودانگی ئارەزوو و تاقیکردنەوەی دەستکەوت **( مستەفا، 2023: 51 )** .

دیزانی تاقیکاری بریتییە لەپلان و بەرنامەی کارکردن بۆچۆنێیەتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە ، **( الکنانی ، 2019 : 493 )** واتا ئەو پلانەی کەتاکەکان تیایدا دیاری دەکرێن بۆ بارودۆخی تاقیکاری **(المشهدانی ، 2021 : 63) .**

**دیزانی ئەزموونی توێژینەوە**




**هێڵکاری ژمارە ( 2 )**

## ٣-٣ کۆمەڵگەی توێژینەوە The Population of the study

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ، پێکهاتووە لە هەموو خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری کەلارلە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار بۆ ساڵی خوێندنی ( 2024– 2025) کەپێکهاتبوون لە ( 43 ) قوتابخانەی بنەڕەتی کەپۆلی هەشتەمیان هەیە و ژمارەی خوێندکاران بەگشتی دەگاتە (3359 ) خوێندکارانی کوڕ ( 1646 ) خوێندکارانی کچ ( 1713 ) بۆ ئەم ساڵی خوێندن .

## ٣-٤ نموونەی ( بژاردەی) توێژینەوە Sample of the research

نموونە بریتییە لەبەشێك لە کۆمەڵگەکە کەلێی هەڵدەبژێرێت بەشێوەیەك کەنوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگەیە بکات و ئامانج و مەبەستەکانی ئەو توێژینەوەیە بەدی بهێنێت **( دیاب ، 2003 : 89 )**

**٣-٤-١ نموونەی قوتابخانە :**

بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە ، لەپاش ناردنی نووسراو لەراگرایەتی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی گەرمیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار ، پاشکۆی ژمارە (3) پاشان نووسراوی ڕێگەپێدان ئاراستەی قوتابخانەکە کرا ، پاشکۆی ژمارە (4) .

توێژەر بەمەبەست قوتابخانەی (ئاران) ی بنەڕەتی هەڵبژارد تاوەکو ببێتە نموونەی توێژینەوەکە ، ئەوەش بەهۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

1- ئامادەیی بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قوتابخانەکە بۆ هاوکاری کردن بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکە .
2- گونجاوی قوتابخانەکە لەرووی باڵەخانە و بوونی ژمارەی پۆل و خوێندکاری پێویست و هۆڵی تایبەت بۆ وانەوتنەوە بە گروپ.
3- توێژەر پێشتر یەکێك بووە لەمامۆستایانی میلاکی قوتابخانەکە و ئێستا لەمۆڵەتدایە .

## ٣-٤-٢ نموونەی خوێندکار :

توێژەر پاش سەردانیکردنی قوتابخانەکە بۆی دەرکەوت کەخوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەسێ هۆبە (لق) ( أ ، ب ، ج ) پێکهاتبوون ، توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادە دوو گروپی هەڵبژارد کەلە ئەنجامدا هۆبەی (أ) بوو بە گروپی ئەزموونی کەژمارەیان ( 21 ) خوێندکار بوو ، هۆبەی (ب) بوو بە گروپی کۆنترۆڵکراو کە ژمارەیان ( 21 ) خوێندکار بوو ، ژمارەیان خوێندکارانی هەردوو گروپ بریتی بوو لە ( 42 ) خوێندکار ، بروانە خشتەی ژمارە (٢)

**خشتەی ژمارە (٢) گروپ و ژمارەی خوێندکارانی نموونە (بژاردە) ی توێژینەوە**

| هۆبە | گروپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابیانی دوور خراوە | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | ئەزموونی | ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان | 21 | 3 | 18 |
| ب | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | 21 | 3 | 18 |
| کۆ | | | 42 | 6 | 36 |

## ٣-٥ هاوتاکردنی گرووپەکانی توێژینەوە Equivalence of the Research Groups

هاوتابوونی نێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکە گرنگە پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکە ، چونکە توێژەر دەبێت هەندێك ڕێكار بگرێتەبەر بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕاوانەی کەڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکە .

بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوە لەهەندێ گۆڕاوی پەیوەیست ، توێژەر هاوتاکردنی ئاماری ئەنجامدا بەدەرهێنانی ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و نرخی ( T ) هەژمارکراو و خشتەیی گروپەکان لەم گۆڕاوانەی خوارەوەدا : بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٣ )

**خشتەی ژمارە (٣) ئەنجامی تاقیکردنەوەی ( T ) بۆ خوێندکارانی هەردوو گروپ**

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵەکان | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای (ت) | | ئاستی دەلالەت (0،05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| تەمەن | ئەزموونی | 18 | 162،11 | 8،82 | 34 | 1،364 | ٢,٠٢٨ | بەڵگەداری نیە |
| | کۆنترۆڵکراو | 18 | 158،72 | 5،76 | | | | |
| زانیای پێشینە | ئەزموونی | 18 | 9،33 | 2،058 | 34 | 0،442 | ٢,٠٢٨ | |
| | کۆنترۆڵکراو | 18 | 8،94 | 3،115 | | | | |
| نمرەی ساڵی پێشوو | ئەزموونی | 18 | 73 | 14،50 | 34 | 0،719 | ٢,٠٢٨ | |
| | کۆنترۆڵکراو | 18 | 69 | 16،48 | | | | |
| گەشەپێدانی ئارەزوویان | ئەزموونی | 18 | 50،33 | 9،120 | 34 | 0،217 | ٢,٠٢٨ | |
| | کۆنترۆڵکراو | 18 | 49،67 | 9،293 | | | | |
| ئاستی زیرەکی | ئەزموونی | 18 | 30،33 | 13،975 | 34 | 1،612 | ٢,٠٢٨ | |
| | کۆنترۆڵکراو | 18 | 36،94 | 10،361 | | | | |

لەخشتەی ژمارە (٣) بەمەبەستی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکە ئەنجامدرا ، ئەنجامەکان دەریانخست نرخی ( T ) هەر پێنج گۆڕاوەکە کەمترە لەنرخی خشتەیی ( ٢,٠٢٨ ) لە ئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) بە پلەی ئازاد ( 34 ) ، ئەمەش مانای وایە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو گروپ ، واتا هاوتان .

**خشتەی ژمارە (٤) بەهای (کای)$^2$ بۆ جیاوازی ئاستی بڕوانامەی باوکان و دایکان**

| ز | گۆڕاوەکان | نرخی کای دووجا$^2$ | | ئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) |
|---|---|---|---|---|
| | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 1 | ئاستی خوێندەواری دایکان | 0،158 | 5،99 | بەڵگەداری نیە |
| 2 | ئاستی خوێندەواری باوکان | 0،667 | 5،99 | بەڵگەداری نیە |

خشتەی ژمارە (٤) ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکان دەنوێنێت ، نرخی (کا$^2$) بۆ هەردوو گروپ لەئاستی ئەکادیمی دایکان ( 0،158 ) کەمترە لەبەهای خشتەیی ( 5،99 ) لە ئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) بە نمرەی ئازاد ( 2 ) ،

نرخی (کا$^2$) بۆ هەردوو گروپ لەئاستی ئەکادیمی باوکان ( 0،667) کەمترە لەبەهای خشتەیی ( 5،99 ) لە ئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) بە نمرەی ئازاد ( 2 ) واتا هەردوو گروپ لەم گۆڕاوەدا هاوتان .

## 6-3 پێداویستیەکانی توێژینەوە Research Needs

### 1-6-3 دەسنیشانکردنی بابەتی خوێندن :

لەبەشی مێژووی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بابەت دیاریکران بۆ خوێندن لەماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونییەکە بۆ خوێندکارانی هەردوو گروپی توێژینەوە .بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٥ )

**خشتەی ژمارە (٥) بابەتی خوێندراو لەماوەی ئەزموندا و ژمارەی لاپەڕەکانیان**

| ژمارە | بابەت | بەندی | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| 1 | بانگەوازی ئیسلام و پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی | یەکەم | 12 |
| 2 | دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین | دووەم | 22 |
| 3 | دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفەکانی ئومەوی | سێیەم | 14 |
| | کۆی گشتی | | 48 |

**2-6-3 داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان :** بەپێی ناوەڕۆکی هەر بابەتێکی خوێندن و بەگوێرەی چوار ئاستی پۆلێنکردنی ( بلۆم ) لەبواری مەعریفیدا ، توێژەر ئامانجی ڕەفتاری داڕشتووە کەسەرجەمیان بریتی بوون لە ( 155 ) ئامانج ، بۆ مەبەستی دڵنیابوون لەگونجاوی هەڵهێنجان و داڕشتنی ئامانجەکان و دروستی پۆلێنکردنیان بەسەر ئاستەکان ، توێژەر لیستی ئامانج و ناوەڕۆکی بابەتەکەی خستەبەردەست لیژنەیەکی پسپۆری بواری پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پسپۆڕانی مێژوو ، بەپێی هاوکێشەی ( جی کۆپەر ) هەر ئامانجێك لەو

ئامانجانە ڕێژەی ڕازیبوونی لە ( 70 % ) زیاتری ڕەزامەندی وەربگرێ پەسەند دەکرێ ، پاش بەکارهێنانی هاوکێشەکە و دەرهێنانی ڕێژەی سەدی ، ئەوە بوو ڕێژەی ڕازیبوون ( 95% ) زیاتر بوو. لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو تێبینیانەی کەتایبەت بوون بەلایەنی زمانەوانی و شێوەی دارشتنەوەی ئامانجەکان . **بروانە پاشکۆی ژمارە ( 1 )**

## 3-6-3 ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە :

پلانی وانەوتنەوە : بریتییە لەکۆمەڵێك هەنگاوی پێشبینیکراوی ئەقڵی بۆ ئەو کارامەیی و چالاکیانەی پێویستە لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئەنجامبدرێن یان جێبەجێبکرێن لەکات و شوێنی دیاریکراو بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان ، بەبەکارهێنان و سوود بینین لەهۆکار و ئامراز و تەکنەلۆژیای فێرکاری بەکەمترین هەوڵ و تێچوون ، پێکهێنەرە بنچینەیەکانیشی بریتین لە : ( هەنگاوەکان – کات – ئامرازەکان - ئامانجەکان )

لەبەر ئەم هۆکارانەش ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە لەداخوازییەکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتووە ، هەر بۆیە لەماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونی و لەبەر ڕۆشنایی ئامانج و گریمانە و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر پلانی نمونەی ڕۆژانەی دانا بۆ وتنەوەی بابەتەکانی ماددەی مێژوو بۆ خوێندکارانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی توێژینەوەکە ، بە پشت بەستن بەچەمکە سەرەکیەکان و بۆ هەریەکەیان پلانی تایبەتی دارشتەوە کە ژمارەیان ( ١٥ ) پلان بوو بۆ هەریەك لە کۆمەڵەی ئەزموونی بەپێی ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگای ئاسایی ، دواتر توێژەر خستیە بەردەست کۆمەڵێك لەشارەزاییان و پسپۆڕانی بوارەکانی ڕێگای وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و مێژوو ، ئەمەش بۆ سوود وەرگرتن لە ڕاوبۆچوونیان و تێبینیەکانیان بۆ باشتر دارشتنەوەی پلانەکان لەسەر شێوازێکی دروست ، هەروەها توێژەر هەندێ چاکسازی ئەنجامدا بەپێی ئەوەی کەپسپۆڕان و شارەزایان پێشنیاریان کردبوو ، هەر وەك لە **پاشکۆی ( 3-2 )** خراوەتەڕوو.

## 3-7 ئامرازەکانی توێژینەوە Tools of the research

تاقیکردنەوە ئەو ئامرازەیە کە بۆ پێوانەکردنی ڕادەی تێگەیشتن و دەستکەوت لەبابەتێکی ئەکادیمی دیاریکراودا بەکاردێت ، هەمیشە بەستراوەتەوە بەبابەتێکی ئەکادیمی دیاریکراو کەپێشتر فێرکراوە **( الجبوری ، 2013 : 74 )** .

توێژەر دوو ئامرازی ئامادە کردووە بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە ، ئەوانیش ( تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن و پێوەری ئارەزوو ) .

**3-7-1** تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن .

**3-7-2** پێوەری ئارەزوو بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان .

## 3-7-1 تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن :

ڕێکارێکی ڕێکخراوە بۆ پێوانەکردنی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییە تایبەتەکانی فێرخوازان ، یان ڕێکارێکی ڕێکخراوە بۆ پیوانەکردنی ئەو ڕاستی و چەمك و گشتاندن و لێهاتوویانەی کە فێرخوازان لە ئەنجامی خوێندنەوەی بابەتێك بەدەستیهێناوە **( علی ، 2011 : 299 )** .

### 3-7-1-1 ئامانجی تاقیکردنەوە

دیاریکردنی ئامانج یەکێکە لەگرنگترین هەنگاوەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندکاران بۆ زانینی ئاستی دەستکەوتی ئەکادیمی لەو بابەتە زانستیانەی کەبۆ وانەوتنەوەیان دیاریکراوە لەکاتی تاقیکردنەوە **(الاسدی ، 2018 :56)** .

### 3-7-1-2 ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی :

پلانێکی وردە کەناوەرۆکی تاقیکردنەوەکە دیاری دەکات ، ناوەرۆکی بابەتی خوێندنەکە دەبەستێتەوە بەئامانجە پەروەردەییەکان ( ڕەفتارییەکان ) و قورسایی ڕێژەی دەدات بە ئامانجە ڕەفتارییەکان لە ئاستە جیاوازەکانیدا بۆیە دروستکردنی خشتەی تاقیکردنەوە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان لە بنیاتنانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتودا لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئامانجە ڕەفتارییە تایبەتانەدا بنیات نراوە کە بۆ فێربوونی بابەتێکی دیاریکراو یان یەکەیەکی دیاریکراوی خوێندن **( حسین ، 2013 : 63 )** .

**خشتەی ژمارە (٦) توێژەر خشتەی تاقیکردنەوەی بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دانا :**

| ژمارە | بابەت | یاسا |
|---|---|---|
| 1 | کێشی ناوەرۆك | ژمارەی لاپەڕەکانی هەر بەشێك ÷ کۆی گشتی لاپەڕەکان × 100 |
| 2 | کێشی برگەکانی ئامانجی ڕەفتاری لە هەر ئاستێکدا | ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری لەهەر ئاستێك ÷ کۆی ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان × 100 |
| 3 | ژمارەی برگەکان لەهەر ئاستێکدا | ڕێژەی سەدی ناوەرۆك × ڕێژەی سەدی ئامانجەکان × ژمارەی گشتی دەستەواژەکانی تاقیکردنەوە |

**دیزاینکردنی خشتەی تایبەتمەندی**

**خشتەی ژمارە (٧)خشتەی تایبەتمەندی بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| کێشی ناوەڕۆك | | | ڕێژەی ئامانجە ڕەفتارییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەش | ژ.لاپەڕە | ڕێژەی سەدی | بیرهێناوە % 39 | تێگەیشتن % 29 | جیبەجێکردن % 16 | شیکردنەوە % 16 | کۆی پرسیارەکان |
| یەکەم | 12 | % 25 | 3 | 2 | 2 | 1 | 8 |
| دووەم | 22 | % 46 | 5 | 4 | 2 | 2 | 13 |
| سێیەم | 14 | % 29 | 4 | 3 | 1 | 2 | 10 |
| کۆ | 48 | % 100 | 12 | 9 | 5 | 5 | 31 |

### ٣-١-٧-٣ ئامادەکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە :

بەپێی ڕێکارەکانی پێشوو ، توێژەر تاقیکردنەوەی ئامادەکرد لە دوو جۆر پرسیار پێکهاتبوو ، پرسیاری یەکەم و دووەم جۆری هەڵبژاردن ( 26 ) بڕگە بوون ، بۆ هەر بڕگەیەك چوار جێگرەوە ( بدائل ) دانرابوو ، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی خوێندکاران لەئاستی ( بیرهێنان ، تێگەیشتن ، جێبەجێکردن ) پرسیاری سێیەم ( 5 ) بڕگە بوون لە جۆری گوتاری وەڵام سنووردار بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی خوێندکاران لەئاستی ( شیکردنەوە ) ، کۆی ژمارەی بڕگەکان ( 31 ) بوون .

### 1-3-1-7-3 دانانی ڕێنمایی وەڵامدانەوە بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت :

توێژەر ڕێنمایی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن بۆ خوێندکارانی هەردوو گروپی توێژینەوە ئامادەکرد . **بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 4 )**

### 4-1-7-3 ڕاستێتی تاقیکردنەوە :

ئەو بڕگەو پرسیارانەی کەلەئامرازی توێژینەوەدان ، پێویستە تەنها ئەو دیاردەیە یان ئەو گۆڕاوە بپێون کەلە بنچینەدا بۆی ئامادەکراوە ، ڕاستێتی بریتییە لە توانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی کەبانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات . **( بۆکانی ، 2020 : 153 )**
توێژەر هەوڵیدا دوو جۆر ڕاستگۆیی پشتڕاست بکاتەوە ، ئەوانیش ڕوکەشی و ناوەڕۆك بەم شێوەیەی خوارەوە :

### 1-4-1-7-3 ڕاستێتی ڕووکەشی :

ئەم جۆرە ڕاست و دروستیە مانای ئەوەیە کە ئەو تێستەی ئامادەمان کردووە گونجاو بێت بۆ پێوانەکردنی ئەو شتەی کەبۆمان ئامادە کردووە لەم جۆرەدا شارەزایان و پسپۆڕان بەڕواڵەت بۆیان دەردەکەویت کە ڕاست و دروستە نەك بەڕێکاری ئەزموونی زۆر دڵنیابن . **( قەرەچەتانی ، 2018 : 122 )**

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە ، توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزای بواری مێژووی ئیسلام و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن ، **پاشکۆی ژمارە ( 5 )** بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و ئاستی گونجاوی بڕگەکان ، ڕاستێتی دەرکەوت ڕێژەی ( 98 % ) بووە ، ئەمەش بەپێی هاوکێشەی ( جی کۆپەر – J.cooper ) شیکارکرا بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە گونجاوە بۆ بەکارهێنان.

### 2-4-1-7-3 ڕاستێتی ناوەڕۆك :

بەمەبەستی دڵنیابوون لەڕاستێتی ناوەڕۆك ، توێژەر خشتەی تایبەتمەندی و بڕگەکانی تاقیکردنەوە بەپێی ئامانجە ڕەفتارییەکان دارشت کەلە (31) بڕگە پێکهاتبوو (39%) لەئاستی بیرهێنانەوە و (29%) لەئاستی تێگەیشتن و (16%) لەئاستی جێبەجێکردن و (16%) لەئاستی شیکردنەوە ، خرایە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزای بواری مێژووی ئیسلام و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن ، **بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 6 )** .

**5-1-7-3 تاقیکردنەوەی بەرایی ( سەرەتایی ):** ئامانج لەبەکارهێنانی ئەم ئەزموونکردنە بریتییە لەپشتڕاستکردنەوەی ڕوونی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بۆ جێبەجێکردن و دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە ، توێژەر ئەزموونی سەرەتایی لەسنوری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەك لەدەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدا کەبە شێوازی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرابوون ، ژمارەیان بریتی بوو لە ( ٤٨ )

خوێندکار لە قوتابخانەکانی ( سەید نوری) ی بنەڕەتی پاش دڵنیابوون لەتەواوکردنی بەندەکانی خوێندن ، ئاگادارکرانەوە بۆ تاقیکردنەوە ، لەڕۆژی دووشەممە 9 / 12 / 2024 ، دەرکەوت بڕگەکانی تاقیکردنەوە ڕوون و ئاشکران و هیچ ئاڵۆزییەك و ناڕوونیان تێدانیە و کە پێویست بەگۆڕانکاری بکات و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەکە بریتی بوو لە ( 32 ) خولەك لەڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە :

ماوەی تاقیکردنەوە = کۆتا وەڵامدانەوەی خوێندکار + یەکەمین وەڵامدانەوەی خوێندکار 23+40 = 32

2 2

## 3-7-1-6 شیکردنەوەی ئاماری بەندەکانی تاقیکردنەوە :

لە ئەم هەنگاوەدا توێژەر دەست دەکات بە شیتەڵکردنەوەی بڕگە و پرسیارەکانی تێستەکەی ، واتە تێستەکەی لەسەر نموونەیەکی ڕاستەقینە لەتاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پراکتیزە دەکات .

توێژەر خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەرهێنا :

### 3-7-1-6-1 هاوکۆڵکەی گرانی و ئاسانی بڕگەکان Item of simplicity and difficulty Equation

بۆ ئەم مەبەستە ( 76 ) خوێندکار کەبە دروستی وەڵامی بڕگەکانی تاقیکردنەوەیان داوەتەوە ، لەسەدا (27) کۆی خوێندکاران وەرگیراوە کە ( 21 ) خوێندکار لە کۆمەڵەی بەرز و ( 21 ) خوێندکار لە کۆمەڵەی نزم ، بۆ دەرهێنانی هاوکۆڵکەی گرانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە ، توێژەر یاسای هاوکۆڵکەی گرانی بەکارهێنا ، دەرکەوت کەئاستی بڕگەکانی جۆری تاقیکردنەوەی بابەتی دەکەوێتە نێوان ( ٠،١٢٠ - ٠،٨٨٠ ) بەتێکڕا دەگاتە ( 0،49 ) **پاشکۆی ژمارە (7)** و ئاستی گرانی پرسیارەکانی جۆری گوتاری وەڵام سنوردار دەکەوێتە نێوان (٠،٢١٤ – ٠،٣٨١) بەتێکڕا دەگاتە ( ٠،٢٦٦) **پاشکۆی ژمارە (8)** بەمەش ئاستی گرانی هەموو بڕگەکان پەسەندن ، ئەگەر ڕێژەی هاوکۆڵکەی گرانی یان ئاسانی ، مەودای نێوانیان ( 20% - 80 % ) بێت ئەوا پەسەندە **( قەرەچەتانی ، 2018 : 105 )** .

### 3-7-1-6-2 هێزی جیاکردنەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە Discrimination Item Power

مەبەست لە هێزی جیاکەرەوەی بڕگە ئەوەیە کە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بتوانێ جیاوازی بکات لەنێوان کۆمەڵەی ئاست بەرزو کۆمەڵەی ئاست نزم ، لەسەدا (27) کۆی خوێندکاران وەرگیراوە کە (21) خوێندکار لە کۆمەڵەی ئاست بەرز و (21) خوێندکار لە کۆمەڵەی ئاست نزم ، توێژەر هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی دەرهێنا لەئەنجامدا دەرکەوت هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان بۆ جۆری پرسیاری بابەتی دەکەوێتە نێوان ( ٠،١٤٣ - ٠،٧١٤ ) و بەتێکڕا ( ٠،٣٤٦ ) ، **پاشکۆی ژمارە (7)** بۆ بڕگەکانی پرسیاری جۆری گوتاری وەڵامی سنوردار لەنێوان ( ٠،٤٢٩ – ٠،٧٦٢ ) و بە تێکڕا ( ٠،٥٣٣ ) **پاشکۆی ژمارە (8)** کەئەمەش بەگونجاو دادەنرێت .

### 3-7-1-6-3 کارایی جێگرەوەکانی هەڵە Effectivenes of alterntive distracters

مەبەست لەکارایی جێگرەوە هەڵەکان ئەوەیە کە وەڵامە هەڵەکان سەرنجراکێشبن ، **( احمد ، 2023 : 73 )** بۆ زانینی کارایی جێگرەوە هەڵەکان توێژەر نمرەی خوێندکارانی ڕیز کرد لەبەرزەوە بۆ نزم کە ژمارەیان (76) خوێندکار بوو ، لەسەدا (27) کۆی خوێندکاران وەرگیراوە ، کۆی ئەو خوێندکارانەی کە وەڵامی هەڵەیان داوەتەوە لە ژمارە (1) تا (21) لێدەرکردنی کۆی ئەو خوێندکارانەی کە وەڵامی هەڵەیان داوەتەوە لە ژمارە (55) تا (76) ، دابەشی نێوەی خوێندکاران ، لە ئەنجامدا دەرکەوت ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردووە لەکۆمەڵەی نزم زۆرترن لە کۆمەڵەی بەرز ، ئەنجامەکان بە نێگەتیف (سالب) دەرچوو کە ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو جێگرەوەکان کاران . **بڕوانە پاشکۆی ژمارە (9)**

### 3-7-1-6-4 جێگیری تاقیکردنەوە Test Reliability

توێژەر تاقیکردنەوەی لەسەر ( 76 ) خوێندکار لە قوتابخانەکانی ( شەهید سەید نوری – وڵات ) بنەڕەتی ئەنجامدا ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 9 / 12 / 2024 لەبەر بایکۆت و نەبوونی دەوامی قوتابخانەکان تەنها یەك تاقیکردنەوە ئەنجامدرا ، توێژەر بە ڕێگای دوولەتکردن ( کەرتی نیوەیی) (طريقة التجزئة النصفية ) بەکارهێنا ، بڕگەکانی تاقیکردنەوە دەکرێنە دوو بەش واتا هەموو بڕگە تاکەکان کۆدەکرێنەوە و هەموو بڕگە جووتەکان کۆدەکرێنەوە ، دوای دابەشکردنی بڕگەکانی تێستەکە هاوکۆڵکەی پەیوەندی لەنێوان نمرەکانی هەردوو نیوەکە هەژمار دەکرێت و ئەو هاوکۆڵکەیە بە هاوکۆڵکەی جێگیری دادەنرێت ، ئەویش بە هەژمارکردنی هاوکۆڵکەی ( سپێرمان ) جێگیری تاقیکردنەوەکە بە بەهای ( **0،86** ) بەڵام ئەم دەرئەنجامە ، هاوکۆڵکەی نەگۆڕی نیوەی تێستەکەیە نەك هەموو تێستەکەیە ، لەبەر ئەوەی ئێمە تەنها مامەڵەمان لەگەڵ نیوەی تێستەکە کردووە بۆیە دەبێت لەڕێگەی هاوکێشەی (جتمان ) دەستکاری بکرێت بۆ ئەوەی ببێت بەهاوکۆڵکەی نەگۆڕی هەموو تێستەکە ، بەهاکەی بوو بە **( ٠،٩١ )** ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کەهەر تاقیکردنەوەیەك جێگیرێکەی لەنێوان ( 0،70 – 0،90 ) بێت بەتاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت . **بڕوانە پاشکۆی ژمارە (10)**

**3-7-2 ئامادەکردنی پێوەری ئارەزوو بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان** :توێژەر بۆ ئامادەکردنی پێوەری ئارەزوو سوودی وەرگرت لەو پێوەرانەی کەلەتوێژینەوەکانی پێشوو بەکارهاتوون و سەرچاوە زانستییەکان وەك خوێندنەوەی ئەو پەرتووکانەی کەباس لەئارەزووی خوێندکاران و بەدەستهێنانیان دەکەن وراوێژکردن بەشارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەوهەڵسەنگاندن .

لەژێر ڕۆشنایی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە توێژەر پێوەرێکی سەرەتایی ئامادەکرد کەپێکاتبوو لە (32) بڕگە بەپێی لیکەرتی سێی .

توێژەر بەپێی تایبەتمەندی جۆری برگەکان ، پشت بەست بەپێدانی نمرە بۆ هەر ئاستێك ( بەڵێ – تارادەیەك – نەخێر ) (٣ - ٢ - ١) بۆ هەر برگەیەکی ئەرێنی و بە پێچەوانەوە بۆ هەر برگەیەکی نەرێنی (١ - ٢ - ٣) .

### 3-7-2-1 ڕاستگۆیی ڕووکەشی :

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستی ڕووکەشی پێوەر ، توێژەر شێوە سەرەتاییەکەی دایە لێژنەیەکی بڕیاردان لەبواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن ، **پاشکۆی ژمارە ( 11 )** بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر ڕادەی شیاوی هەر برگەیەك لەبرگەکان لەڕووی داڕشتنی زمانەوانی و زانستییەوە و گونجاندنیان لەگەڵ ئاستی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ، پاش گەڕانەوەی پێوەرەکە دەرکەوت ڕێژەی هاوتایی لەنێوان هەڵسەنگێنەران بەڕێژەی ( 95 % ) بەسەرەوە و بە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی و هاوکێشەی جی کۆپەر پەسەندکران .

### 3-7-2-2 ڕاستگۆیی وەرگێڕان :

توێژەر بۆ ئامادەکردنی برگەکانی پێوەرەکە سوودی لەسەرچاوە عەرەبیەکان وەرگرتووە ، بۆیە سەرەتا برگە عەرەبیەکان خرایە بەردەست دوو مامۆستای شارەزا لەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەستان بەوەرگێڕانی برگەکانی پێوەرەکە لەزمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی بە پێچەوانەشەوە بەجودا بەبێ ئەوەی بەیەك بزانن ، توێژەر دوای بەراوردکردنی هەردوو دەق عەرەبی و کوردییەکە و بەڕاوێژ لەگەڵ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی سوودی لەبرگەکان بینی **( صالح، 2017 : 101 )** .

### 3-7-2-3 ئەزموونی بەرایی ( سەرەتایی ) ( التجربة الاستطلاعیة ) :

بەمەبەستی دڵنیابوون لەڕادەی ڕوونی برگەکان ، ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی پێوەرەکە و خەمڵاندنی ئەو کاتەی کەپێویستە بۆ وەڵامدانەوەی برگەکان ،توێژەر لەسنوری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەك لەدەرەوەی نموونەی توێژینەوەکەی تاقیکردنەوەی پێوەرەکەی ئەنجامدا ، لەقوتابخانەی ( سەید نوری ) بنەڕەتی لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٩/ ١٠/ 2024 بەهاوکاری کارگێڕی قوتابخانە ، کە ژمارەیان ( 48 ) خوێندکار بوو ، جێی ئاماژەیە هیچ تێبینیەك نەکرا ، دەرکەوت برگەکانی پێوەرەکە ڕوون و ئاشکران و هیچ ئاڵۆزییەك و ناڕوونیان تێدانیە و کە پێویست بەگۆڕانکاری بکات و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەکە بریتی بوو لە ( 30) خولوك لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە :

ماوەی تاقیکردنەوە = کۆتا وەڵامدانەوەی خوێندکار + یەکەمین وەڵامدانەوەی خوێندکار <u>20+40</u> = 30
2 2

بەم شێوەیە پێوەرەکە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن .

### 3-7-2-4 هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی پێوەر :

بەمەبەستی دۆزینەوەی هێزی جیاکاری هەر برگەیەك لەبرگەکانی پێوەرەکە ، توێژەر بەپێی تایبەتمەندی جۆری برگەکان ، پشت بەست بەپێدانی نمرە بۆ هەر ئاستێك ( بەڵێ – تارادەیەك – نەخێر ) بۆ هەر برگەیەکی ئەرێنی و بە پێچەوانەوە بۆ هەر برگەیەکی نەرێنی ، دواتر نمرەکانیان ڕیزبەندکرا لەبەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە و وەڵامەکانیان ئەژمارکرا بۆ هەر برگەیەك لەبرگەکانی توێژینەوەکە بەمەبەستی دیاریکردنی هێزی جیاکاری بۆ هەر برگەیەك هاوکێشەی ( t.test ) لەنێوان هەردوو گروپەکەدا بەکارهێنراوە بەهای ( T ) بۆ هەر برگەیەك زیاتر بوو لەبەهای خشتەیی کەدەکاتە ( ٢,٠٢٨ ) لەسەر ئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) بەنمرەی ئازاد ( 46 ) بە شێوەی کەبۆ هەر ئاستێك ( بەڵێ – تارادەیەك – نەخێر ) بۆ هەر برگەیەکی ئەرێنی و بەپێچەوانەوە بۆ هەر برگەیەکی نەرێنی دەرکرا ، بەم جۆرەش دەردەکەوێت برگەکانی پێوەرەکە توانای جیاوازیکردنی هەیە لەنێوان هەردوو گروپی بەرز و گروپی نزم **( رحیم ، 2023 : 67 )** . **بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 12 )**

### 3-7-2-5 جێگیری پێوەری ئارەزوو :

توێژەر تاقیکردنەوەی لەسەر ( 48 ) خوێندکار لە قوتابخانەی ( شەهید سەید نوری ) بنەڕەتی ئەنجامدا ، لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٩/ ١٠/ 2024 پشت بەستراوە بە شێوازی ( تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە ) لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ١٠/ 11/ 2024 تاقیکردنەوەی دووەم ئەنجامدرا ، وە جیاوازی کات لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم ماوەی نزیکەی ( دوو هەفتە ) بوو بەکاتێکی گونجاو دادەنرێت ، بەپێی سەرچاوەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن **( قەرەچەتانی ، 2018 ، لا 132 )** بە هەژمارکردنی هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن ( Pearsons Correlation Coefficient ) لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم بۆ دەرهێنانی هاوکۆڵکەی جێگیری تاقیکردنەوە بە بەهای ( 0،83 ) ئاماژە بەوە دەکات کەهەر تاقیکردنەوەیەك جێگیریکەی لەنێوان ( 0،70 – 0،90 ) بێت بەتاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت . **پاشکۆی ژمارە ( 13 )**

## ٣-٨ ئامرازە ئامارییەکان Statistical Instrument

ئەم هاوکۆڵکە ئامارییانە بەکارهێنرا : ( تاقیکرنەوەی ( t.test ) ، هاوکۆڵکەی کا$^{2}$ ، هاوکۆڵکەی پەیوەندی پێرسۆن ، هاوکۆڵکەی پەیوەندی سپێرمان ، هاوکۆڵکەی جتمان ، هاوکێشەی جی کۆپەر ، هاوکێشەی ئاستی قورسی برگەکان ، هێزی جیاکردنەوەی برگەکان , کارایی جێگرەوە هەڵەکان ، هاوکۆڵکەی دووجای ئیتا , هاوکۆڵکەی کۆهین ) .

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان Presentation and analysis of results

### 1-4خستنەڕووی ئەنجامەکان Presentation

### 2-4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان analysis of results

ئامانج لەم بەشە خستنەڕووی ئەو ئەنجامەیە کەلەژێر ڕۆشنایی پرسیار و گریمانەکانی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین ، بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری گونجاو ، پاشان گفتوگۆکردن و لێکدانەوەیان بۆ گەیشتن بە پێشنیار و ڕاسپارەکانی توێژینەوەکە **(دهيس العتيبي، 2015 :136) .**

### 1-4 خستنەڕووی ئەنجامەکان :

توێژەر ئەنجامەکان بەپێی گۆڕاو و گریمانەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

### 1-1-4 خستنەڕووی ئەنجامەکان تایبەت بەگریمانەی یەکەم :

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی ( 0،05 ) لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کەبە ( ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان ) وانەیان پێوتراوەتەوە لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ( ڕێگای ئاسایی ) وانەیان پێوتراوەتەوە لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن .

بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە ، توێژەر تاقیکردنەوەی ( T ) بۆ بەراوردکردنی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی خوێندکارانی هەردوو گروپی توێژینەوە دەرهێنا ، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( t.test ) بۆ هەردوو گروپی سەربەخۆ و یەکسان لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری ( spss ) لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی (t) ئەژمارکراو کە (2،221) نمرەیە گەورەترە لەنرخی خشتەیی کە ( ٢,٠٢٨ ) بەنمرەی ئازاد ( 34 ) لەئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) ، ئەنجامەکە لەخشتەی ( ٨ ) دا خراوەتەڕوو .

**خشتەی ژمارە (٨) ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای ( T. test ) ئەژمارکراو و خشتەیی لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن**

| گروپ | ژ.خوێندکاران | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ( T ) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | 18 | 61،56 | 18،092 | 2،221 | ٢,٠٢٨ | 34 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 18 | 49،17 | 15،263 | | | | |

بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەرکەوت کەجیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی هەردوو گروپ لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی ، واتا ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاو ڕەنگەکان کاریگەری هەیە لەبەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان ، بەراورد بە ڕێگای ئاسایی ، بەمەش گریمانەی ( سفری ) ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە ( بەدیل ) پەسەند دەکرێت ، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپ .

### قەبارەی کاریگەری :

بەمەبەستی زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەرگۆڕاوی پاشکۆ**( صالح ، 2023 : 95 )** بۆ زانینی کاریگەری ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن ، توێژەر هەستا بەجێبەجێکردنی هاوکۆلکەی ( ئیتا و کۆهین ) **بڕوانە خشتەی ژمارە ( 9 )** کە ( N2 ) ئاماژەیە بۆ بەهای قەبارەی ئیتا و ( D ) بۆ بەهای قەبارەی کوهین ،

دەرکەوت قەبارەی کاریگەرییەکە مامناوەندە بەبەکارهێنانی ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی چونکە ئەگەر قەبارەی کاریگەری ئیتا گەیشتە (0،06) و کۆهین گەیشتە نێوان ( 0،4 – 0،7 ) کاریگەرییەکی مامناوەندە . **بڕوانە خشتەی ژمارە ( 10 )**

### 2-1-4 خستنەڕووی ئەنجامەکان تایبەت بەگریمانەی دووەم :

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی ( 0،05 ) لەنێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کەبە ( ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان ) وانەیان پێوتراوەتەوە لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ( ڕێگای ئاسایی ) وانەیان پێوتراوەتەوە لەتاقیکردنەوەی پاشی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان .

بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە ، توێژەر تاقیکردنەوەی ( T ) بۆ بەراوردکردنی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکارانی هەردوو گروپی توێژینەوە دەرهێنا ، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( t.test ) بۆ هەردوو گروپی سەربەخۆ و یەکسان لەڕێگەی بەرنامەی ئاماری ( spss ) وە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی (t) ئەژمارکراو کە (2،142) نمرەیە گەورەترە لەنرخی خشتەیی کە ( ٢,٠٢٨ ) بەنمرەی ئازاد ( 34 ) لەئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) . بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٩ )

**خشتەی ژمارە (٩)ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای ( T. test ) ئەژمارکراو و خشتەیی بۆ پێوەری ئارەزوو لەنێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشی**

| گروپ | ژ.خوێندکاران | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ( T ) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ( 0،05 ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| **ئەزموونی** | 18 | 73،44 | 11،748 | 2،142 | ٢,٠٢٨ | 34 | بەڵگەدارە |
| **کۆنترۆڵکراو** | 18 | 65،28 | 11،113 | | | | |

بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەرکەوت کەجیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی هەردوو گروپ لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی ، واتا ستراتیجی شەشپاڵووە رەنگاو رەنگەکان کاریگەری هەیە لەبەرزکردنەوە و پەرەپێدانی ئارەزووی خوێندکاران بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ، بەراورد بە رێگای ئاسایی بەمەش گریمانەی ( سفری ) رەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە ( بەدیل ) پەسەند دەکرێت ، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپ .

## قەبارەی کاریگەری :

بەمەبەستی زانینی کاریگەری ستراتیجی شەشپاڵووە رەنگاورەنگەکان لەسەر گەشەکردنی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ، توێژەر هەستا بەجێبەجێکردنی هاوکۆڵکەی ( ئیتا و کۆهین ) **بڕوانە خشتەی ژمارە ( ١٠ )**

دەرکەوت قەبارەی کاریگەرییکە بچووکە بەبەکارهێنانی ستراتیجی شەشپاڵوە رەنگاورەنگەکان لەسەر گەشەکردنی ئارەزوویان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی چونکە ئەگەر قەبارەی کاریگەری ئیتا گەیشتە ( 0،01 ) و کۆهین گەیشتە نێوان ( 0،2 – 0،4 ) ئەوە کاریگەرییەکی بچووکە . **بڕوانە خشتەی ژمارە ( ١١ )**

**خشتەی ژمارە (١٠) هاوکۆڵکەی ( ئیتا و کوهین ) بۆ نرخی قەبارەی کاریگەری ( شەشپاڵووە رەنگاورەنگەکان ) لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکان**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | نرخی (T) ئەژمارکراو | نرخی ( $n^2$ ) دووجای ئیتا | نرخی ( d ) کۆهین | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|
| شەشپاڵووە رەنگاورەنگەکان | دەستکەوتی خوێندن | 2،221 | 0،127 | 0،740 | مام ناوەندە |
| | پێوەری ئارەزوو | 2،142 | 0.029 | 0،334 | بچووکە |

**خشتەی ژمارە (١١) بەهای ئاستی ئاماژەیی قەبارەی هاوکۆڵکەی ( ئیتا و کوهین )**

| هاوکۆڵکەی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچووک | مامناوەند | بەهێز | زۆر بەهێز |
| N2 | 0،01 | 0،06 | 0،15 | 0،20 |
| D | (0،4 -0،2) | (0،7 -0،4) | (1،1 -0،8) | (1،1 – زیاتر) |

**( مستەفا ، 2023 ، 87 )**

## 2-4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### 1-2-4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان تایبەت بەگریمانەی یەکەم :

بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی لە گریمانەی یەکەمەوە پێی گەیشتووین دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان نمرەکانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا هەیە لەتاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی ، ئەمەش لەژێر کاریگەری ستراتیجی شەشپاڵوە رەنگاورەنگەکان .

**توێژەر هۆکارەکانی سەرکەوتنی گروپی ئەزموونی ( کاریگەری ستراتیجی شەشپاڵوە رەنگاورەنگەکان ) بەسەر گروپی کۆنترۆڵکراو ( رێگای ئاسایی ) دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە :**

- ستراتیجی شەشپاڵوە رەنگاورەنگەکان گونجاوە لەگەڵ ئاستی تەمەنی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ، چونکە ئەم ستراتیجە بووە هۆی تێگەیشتنی خوێندکاران لەبابەتە خوێندراوەکان لە بڕیارلێدراوی خوێندن .
- ئەم ستراتیجە یارمەتی خوێندکارانی دا بە وروژاندن و بایەخپێدانیان بە بابەتی وانە و حەز و ئارەزووی جوڵاند بەرەو وانەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەکاتی خوێدا .
- لەبەر ئەوەی خودی خوێندکار بوو بە سەنتەری بەشداریکردن لە پرسیار و وەڵامدانەوەی بابەتی وانە ، ئەمەش وایکرد باشتر فێرین لە بابەتەکان .

- وانەوتنەوە بە ستراتیجییەتی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان متمانە بەخۆبوون لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی زیادکرد ، سەرەڕای پشت بەستن بە خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندنیان.

## 2-2-4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان تایبەت بەگریمانەی دووەم :

بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی لە گریمانەی دووەمەوە  پێی گەیشتووین دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری  لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا هەیە لەسەر گەشەکردنی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرژەوەندی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی ، ئەمەش بۆ سەرکەوتوویی و کاریگەری پراکتیزەکردنی ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان گەڕایەوە .

**توێژەر هۆکارەکانی باڵا دەستبوونی گروپی ئەزموونی بەسەر گروپی کۆنترۆڵکراودا  ، بۆ ئەم هۆکارانە گەڕاندەوە :**

- بەکارهێنانی زیاتر لەهەستەوەرێك لە پرۆسەی فێربوون و کارایيە پۆلییەکاندا بووە هۆی زیادکردنی بیرکردنەوەی خوێندکاران و دروستبوون و گەشەکردنی هێزی ئارەزوویان بەرەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان.
- پەیڕەو کردنی جیاوازی تاکەکەسی و تێکەڵکردنی خوێندکارانی ئاست بەرز و مامناوەند و ئاست نزم لەگەڵ یەکتر بۆ هەماهەنگی و یارمەتیدانی یەکتر ، دواجار گەشەپێدانی ئارەزووی هەموویان .
- کارکردن بەشێوەی گروپ هانی خوێندکارانی دا بۆ زیاتر گرنگیدان بە وانە و زیادکردنی گیانی هاوکاری و پێشبڕكێ تیایاندا .
- ستراتیجی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان یارمەتیدەر بوو لە گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوەی خوێندکاران لەبابەتەکان و بەو پێیەی ستراتیجییەتەکە ڕێگەی پێدان ئارەزووەکانیان دەربڕن .
- بەکارهێنانی شەشپاڵوە ڕەنگاوڕەنگەکان ، ڕەنگدانەوەی پرسیارو وەڵامی بابەتی خوێندن بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خوێندکاران و زیادکردنی ئاگاییان بۆ وانەکان.

## دەرئەنجامەکان – ڕاسپاردەکان - پێشنیارەکان

## 1-5 دەرئەنجامەکان :

1- بەکارهێنانی ستراتیجی شەشەپاڵوو ڕەنگاوڕەنگەکان کاریگەر بووە لە وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.
2- بەکارهێنانی ستراتیجی شەشەپاڵوو ڕەنگاوڕەنگەکان وادەکات خوێندکار جۆش و خرۆشتر و چالاکتربێت بەدرێژایی کاتی وانەکە .
3- بەکارهێنانی ستراتیجی شەشەپاڵوو ڕەنگاوڕەنگەکان لەوانەوتنەوەدا ژینگەیەکی ئارام و هاوکاری نیوان مامۆستا و خوێندکاران دەرەخسێنێت ، هەروەها هانی خوێندکاران دەدا بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان ، بوێربن لەقسەکردندا و ترسیانیش کەم دەکاتەوە ، ئەمانەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنیان .
4- بەکارهێنانی ستراتیجی شەشەپاڵوو ڕەنگاوڕەنگەکان لەوانەوتنەوەی بابەتی مێژوو لەپرۆگرامەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کاریگەریی خێرا و بەرچاوی هەبووە لە گەشەپێدانی ئارەزووی خوێندکاران بەرەو بابەتی خوێندن .
5- بەکارهێنانی ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاوڕەنگەکان لەکاتی تاقیکردنەوەدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هزری خوێندکاران لەکەمترین ماوە دا زۆرترین وەڵامی دەست بکەوێت .
6- بەکارهێنانی ستراتیجی شەشەپاڵوو ڕەنگاوڕەنگەکان لەوانەوتنەوەی بابەتی مێژوو لەپرۆگرامەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کاریگەریی خێرا و بەرچاوی هەبووە لەگەشەپێدانی دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکاران بەبەراورد بەوانەوتنەوە بەرێگای ئاسایی .

## 2-5 ڕاسپاردەکان :

1- وەزارەتی پەروەوردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق مامۆستایان لەگرنگی بەکارهینانی ستراتیجە فێرکارییەکان و لەنێویاندا ستراتیجی شەشپاڵوو ئاگادار بکاتەوە ، وەك پرۆگرامێکی فێرکاری گرنگ بیناسێنێت و بۆ ئەم مەبەستە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ڕابسپێرێت لەپرۆسەی وانەوتنەوەدا بەکاری بهێنن .
2- وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق زانکۆکان ڕابسپێرێت ستراتیجییەکانی فێربوونی کارا بەگشتی و ستراتیجی شەشپاڵوو بەتایبەت وەك ستراتیجییەیەکی گرنگی فێرکاری و پرۆگرامی گرنگ لە سەنتەرەکانی  بێداگۆجی و ڕاهێنانی مامۆستایان بخوێندرێت .
3- سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆران ڕۆڵی کارا بگێڕن لە پێشنیازکردن و ڕاسپاردنی مامۆستایانی بابەتە کۆمەلیەتییەکان بەگشتی و مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەتی بۆ بەکارهێنان و گرنگی دان بەستراتیجە فێرکارییە نوێیەکان لەنێویاندا ستراتیجی شەشپاڵوو چونکە ئەم ستراتیجە کارایە لە بابەتی خوێندنی خوێندکاران و هاندانیان بۆ گەشەکردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندن لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان.
4- کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەسەر ستراتیجییە نوێیەکانی وانەوتنەوە  بۆ مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەقۆناغی بنەڕەتی بەتایبەت پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم.

5- پێویستە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ستراتیجی شەشپاڵوو بەکاربهێنن لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن.

## 3-5 پێشنیارەکان :

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی .
2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بەوەرگرتنی گۆڕاوی پاشکۆی دیکە وەك : ئاڕاستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی خوێندن ، ئاگایی خوێندکاران .
3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەنێوان ستراتیجی شەشپاڵووە ڕەنگاو ڕەنگەکان و ستراتیجییەکی دیکە لەستراتیجییەکانی فێربوونی کارا .
4- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بەوەرگرتنی گۆڕاوی سەربەخۆی دیکە لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی توێژینەوە وەك (خشتەی فێربوون – کارتی دەرچوون – ئاڵوگۆڕی کارتەکان ) .
5- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر هەمان پۆلی خوێندن .
6- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاشێوەی ئەم توێژینەوەیە بەوەرگرتنی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ بەراورد کردنی نێوان کوڕ و کچ لەپێناو دیاریکردنی گەشەپێدانی ئارەزوویان بەرەو بابەتی خوێندن .

## سەرچاوەکان


1- ابو عاذرة ، كرم محمود عبد ( 2010 ) : اثر توظيف استراتيجية ( عبر – خطط – قوم ) في تدريس الرياضيات على تنمية التفكير الابداعي لدى طلبة الصف السابع الاساسي بغزة ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم المناهج اساليب التدريس ، كلية التربية ، جامعة الاسلامية ، غزة .
2- ابوالحاج ، سها احمد ، المصالحه ، حسن خليل ( 2016) : استراتيجيات التعلم النشط انشطه و تطبيقات عمليه ، الطبعه الاولى ، مركز ديبونو للتعليم التفكير ، عمان.
3- احمد ، شێرزاد علی ( 2023 ) : کاریگەری ستراتیژی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکدنەوەی دوور مەودا لەبابەتی مێژوو لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی .
4- الاسدی ، احمد مهدی عبدالصاحب : (2018) ، اثر استراتيجية التفكير التناظري في التحصيل والتفكير الاستدلالي لطلاب الصف الاول المتوسط في مادة الرياضيات ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم العلوم التربوية والنفسية كلية التربية للعلوم الصرفه – ابن الهيثم ، جامعة بغداد .
5- بدير ، نانسي محمود احمد ( 2023 ) : تأثير الدمج بين استراتيجيي الرؤوس المرقمة والبطاقات المروحية في تدريس التاريخ على تنمية التعاطف التاريخي والتحصيل لدى تلاميذ المرحلة الاعدادية ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم المناهج والطرق التدريس ، كلية التربية ، جامعة العريش ، القاهرة .
6- بادی ، صالح محمد حسن طاهر ( 2012 ) : المهارات التدريسية لمدرسی التاريخ و علاقتها بمهارات و ميول طلبتهم ، اطروحة دكتوراء غير منشورة ، قسم طرائق تدريس التاريخ ، كلية التربية ، جامعة زاخو .
7- بۆکانی ، سابیر ( 2020 ) : میتۆدی توێژینەوەی زانستی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی .
8- الجبوری ، وسام ساجد خضير ( 2013 ) : أثر استراتيجية التعلم المفتوح في تحصيل طلاب المرحلة المتوسطة في مادة التاريخ ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم العلوم التربوية والنفسية ، كلية التربية - للعلوم الانسانية ، جامعة ديالى .
9- الجنابي ، ساره كريم سالم ( 2018 ) : اثر استراتيجية المكعب في التحصيل والتفكير الشكلي لدى طالبات الصف الاول المتوسط في ماده الرياضيات ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم العلوم التربوية والنفسية ، كليه التربيه للعلوم الصرفه – ابن الهيثم ، جامعه بغداد .
10- مكطوف ، هاجر سلام ( 2024 ) : اثر استراتيجية المكعب في تحصيل مادة الاجتماعيات عند طالبات الصف الثاني متوسط ، كلية التربية الاساسية ، جامعة بابل ، مجلة نسق مجلد (41) عدد (5)
11- حسن ، وورده يحيی ( 2013 ) : فاعليه استراتيجية المحطات العلمية في حل المسائل الرياضية والميل نحو الماده لدى تلميذات الصف الخامس الابتدائي ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كليه التربيه الاساسية ، جامعة المستنصريه ، بغداد .
12- حسين ، مروة علی السيد ( 2013 ) : فاعلية استراتيجية حوض السمك في تنمية فهم طبيعية العلم و عملياته لدى طلاب المرحلة الاعداية ، رسالة ماجستير المنشورة ، قسم المناهج والطرق التدريس ، كلية التربية بالعريش ، جامعة قناة السويس ، مصر .
13- خضر ، فخری رشيد ( 2014 ) : طرائق تدريس الدراسات الاجتماعية ، الطبعة الثانية ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .
14- دهيس العتيبی ، فاطمة قاسی (2015) : فاعلية استراتيجية (k.w.l.h) في تدريس السيرة النبوية على تنمية القيم الخلقية والوعی بها لدى تلميذات المرحلة الابتدائية ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم المناهج وتكنولوجيا التعليم ، كلية التربية ، جامعة الطائف ، السعوية.
15- دياب ، سهيل رزق ( 2003 ) : مناهج البحث العلمي ، غزة ، فلسطين .
16- رجا ، جنان احمد ( 2023 ) : فاعلية استراتيجية المكعب في تحصيل طالبات الصف الرابع العلمي في مادة الرياضيات ، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية ، المجلد (30) العدد (9) .
17- رحيم ، بەیان عثمان محمد ( 2023 ) : کاریگەری ڕێکخراوی هێڵکارییە مەعریفییەکان لەسەر گەشەپێدانی ڕەفتاری ئەرێنی لای منداڵانی باخچە لەناوەندی شاری سلێمانی ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، بەشی باخچەی منداڵان ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی .
18- ڕۆستەم ، مریم محمد ( 2016 ) : هەڵسەنگاندنی کارئەنجامدانی کارامەییەکانی وانەوتنەوە لای مامۆستایانی جوگرافیا لەقۆناغی ئامادەیی ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی
19- سمير ، بيومی ( بدون سنة ) : 108 استراتيجية في التعلم النشط ، مدارس التربية الرقمية ، بدون طبع ، بغداد .
20- سەعید ، بەختیار حەبیب ( 2016 ) : کاریگەری ستراتیژی لێکچوو لەبەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، بەشی پەروەردەو دەروونناسی ، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی گەرمیان .
21- الشمری ، فرح علی لطيف (2019) : اثر استراتيجية المكعبات الملونة في تحصيل تلامذة الصف الخامس الابتدائي لمادة قواعد اللغة العربية للاحتفاظ به ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم اللغة العربية ، كلية التربية الاساسية ، جامعة ديالى .
22- شنبار ، ايمان عبدالحسين ( 2011 ) : اثر استعمال استراتيجية المكعب في اكتساب المفاهيم العلمية و استبقائها في مادة العلوم لدى تلاميذ الصف الخامس الابتدائي ، رسالة ماجستير غير منشورة ، المناهج و طرائق التدريس ، كلية التربية / ابن رشد ، جامعة بغداد .

Available online at http://aran.garmian.edu.krd


ن ( 2012 ) : اثر التفكير في البناء الثقافي ، الطبعة الاولى ، دار المفردات للنشر والتوزيع ، الرياض ، س

24- صابر ، تانيا نورالدين (2019 ) : اثر استخدام استراتيجيتي التعلم التوليدي و البنائي في التحصيل المعرفي لمادة التاريخ وتنميه اساليب التعلم لدى طالبات الصف الحادي عشر ، رسالة دكتوراء غير منشورة ، كلية التربية ، جامعة صلاح الدين .

25- صالح ، سوێسنه كامل احمد ( 2023 ) : كاریگەری شانۆی بوکەڵە لەسەر پەرەپێدانی کارامەییەکانی ژیان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، بەشی باخچەی منداڵان ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی .

26- صالح ، شارا رووف ( 2024 ) : فاعلية برنامج تدريبي مقترح لتنمية الكفايات المهنية لمدرسي مادة التأريخ للمرحلة الاعدادية في ضوء الاتجاهات الحديثة للتدريس ، الاطروحة دكتوراء غير منشورة ، قسم العلوم الاجتماعية ، كلية التربية الاساس ، جامعة سلێمانية .

27- صالح ، فرياد مجيد ( 2017 ) : کاریگەری ڕێگەی کۆڕبەندی لەسەر دەستکەوت و زیرەکی و هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی جوگرافیا لەبابەتی دەروونناسی هەرزەکاری ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، بەشی پەروەردەو دەروونناسی ، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی گەرمیان .

28- عبدالغفور ، هدى غياث الدين ( 2012 ) : اثر استخدام انموذج رايجلوث في تحصيل طالبات الصف السابع الاساسي في مادة الاحياء و تنمية الميول العلمية لديهن ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم علم النفس ، كلية التربية ، جامعة زاخۆ.

29- عبدالفتاح ، ابتسام عزالدين محمد (2008) : اثر استخدام استراتيجية ( فكر – زاوج – شارك ) في تدريس الرياضيات على تنمية التواصل و الابداع الرياضي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم المناهج والطرق التدريس ، كلية التربية ، جامعة الزقازيق ، مصر .

30- العبيدي ، ثمينة مهدى محمود سلمان ( 2005 ) : اثر استعمال الحقيبة التعليمية في تحصيل طالبات الصف الرابع الاعدادي في مادة التربية الاسلامية ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية التربية – ابن رشد ، جامعة بغداد .

31- عرار ، رشيد ( 2019 ) : الميول المهنية وتقدير الذات دراسة ميدانية على طلبة الصف العاشر في فلسطين ، الاطروحة دكتوراء غير منشورة ، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية ، جامعة تونس .

32- عرام ،ميرفت سليمان عبدالله ( 2012 ) : اثر استحدام استراتيجيه K.W.L في اكتساب المفاهيم ومهارات التفكير الناقد في العلوم لدى طالبات الصف السابع الاساسي ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كليه التربيه قسم المناهج وطرق التدريس ، الجامعه الاسلاميه ، غزة .

33- علوان ، شذى مثنى (2020 ) : اثر استراتيجيه المكعبات الملونه فيي تحصيل طالبات الصف الاول المتوسط في ماده الاملاء ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كليه التربيه ، جامعه ديالى .

34- علوان ، عدى هاشم ( 2019 ) : اثر استخدام استراتيجية المكعب في تحصيل تلاميذ المرحلة الابتدائية في مادة الرياضيات و اتجاهاتهم نحو تعلمها ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية التربية الاساسية ، جامعة ميسان .

35- على ، محمد السيد (2011 ) : موسوعه المصطلحات التربويه ، الطبعه الاولى ، دار المسيره للنشر والتوزيع ، عمان .

36- عمدة ، امل عبدالله محمد ( 1429 هـ ) : فاعلية استخدام التعلم التعاوني في تدريس الاقتصاد المنزلي على تنمية مهارات التفكير الابتكاري لدى تلميذات الصف السادس الابتدائي ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم المناهج والطرق التدريس ، كلية التربوية ، جامعة ام القرى ، السعودية.

37- فتح الله ، لانه بهزاد حمه رشید ( 2022 ) : کاریگەری نەخشەکانی ژیری لەگەشەپێدانی چەمکە مێژووییەکان و ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی مێژوو لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی .

38- قاضی ، ئەژی حمە ( 2023 ) : کاریگەریی ستراتیژی شەش ڕەهەندی و swom لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی

39- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ( 2018 ) : پێوانە و هەڵسەنگاندن لەبواری پەروەردە و دەرونزانی ، بێ چاپ ، چاپخانەی زیانی صلح ، تەهران ، ئێران .

40- الكناني ، امجاد خلف فياض ( 2019 ) : اثر استراتيجية مثلث الاستماع في تحصيل مادة الاجتماعيات لدى طلبة الصف الثاني المتوسط ، جامعة المستنصرية ، مجلة كلية التربية ، العدد الرابع .

41- محمد ، خەڵات عەبدولقهار ( 2015 ) : کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەئەدەبی کوردیدا و گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزوویان بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

42- مستەفا ، کنعان عبدالله ( 2023 ) : کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر دەستهات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاراستەیان دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی

43- المشهداني ، رانيا محمد جسام : ( 2021 ) اثر استراتيجية المراسل المتنقل في التحصيل لدى طلبه كليه التربية الاساسيه / قسم العلوم في ماده الطحالب والفطريات العملي والتفكير الايجابي لديهم ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كليه التربيه الاساسيه ، الجامعه المستنصريه ، بغداد.

44- المطوق ، هاني فايز ربيع ( 2013 ) : اثر استخدام استراتيجية جيجسو (Jigsaw) في تنمية التفكير الناقد والاتجاه نحو العلوم لدى طلبة الصف الثامن بغزة ، رسالة ماجستير غير منشورة ، قسم المناهج والطرق التدريس ، كلية التربية ، جامعة الاسلامية ، غزة .

45- نوری ، بسمة ثائر ( 2024 ) : اثر دمج أنموذجي روثكوف والمكعب لتدريس الرياضيات في تحصيل طالبات الصف الاول المتوسط ، جامعة الموصل ، مجلة العلوم الاساسية ، كلية التربية للعلوم الصرفة ، العدد (21) .

46- ئاغا ، شێرزاد عەلی ئەحمەد قاسم ( 2016 ) : کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی هەژاندنی هزری لەبەدەستهێنانی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لەوانەگوتنەوەی بابەتی مێژوودا ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .

Aran Journal

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01- 22

# The Effect of color-cubed strategies on Academic achievement and interest development in social subjects among Eighth- Grade students

**(A challenging research in the master's Letter)**

**Sherko Qasim Rahim, Karim Ahmed Aziz, Luqman Abdullah Mohammed**

Department of Social Sciences, College of basic Education, University of garmian, Kurdistan Region - Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August, 2025 |

**Keywords**

The Effect, color-cubed strategies, Academic achievement, interest development

**Corresponding Author**

Karem.ahmad@garmian.edo.krd
Luqman.abdullah@garmian.edo.krd

## Abstract:

The purpose of this study is to find out "The Effect of color-cubed strategies on Academic achievement and interest development in social subjects among Eighth- Grade students"

the researcher has relied on the design of a semi–controlled experiment into two balanced groups.The population of this study consists of 8 th grade students in kalar district center for the academic year(2024-2025)with a total of(3359)by taking a sample of (36)8 th grade students in (Aran basic school).

They are divided into two experimental and controlled groups with(18)students for the experimental group and(18)students for the controlled group,Then both groups were equated by taking into consideration some variables.After that the researcher prepared the test of achieving education and interest development criteria..the validity of the test,coefficient of difficulty and simplicity,separating power and alternative efficiency mistakes were extracted by special equation and then stability was extracted for the test.

The Spearman coefficient was(0,86)and then by the Guttman equation matched with a value of(0,91)as well as the Pearson's correlation was used for the interest development scale with a value of(0,83).

After implementing of the experiment,it was found that there was a statistically documented difference between the scores of both the experimental and controlled groups of achieving education and developing their interest in social subjects in the test.in favor of the experimental group students.As a result,the success and effectiveness of the color cube strategy on both dependent variables were demonstrated.

Finally,some suggestions and recommendations were made to support the future researches.